KOREK Telecom



تۆبەکەی زۆر ناخایەنێت..

# لویس سوارێز گاز دەگرێتەوە

رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

رۆژنامەیەکی بەریتانی رایدەگەیەنێت کە بە پشت بەستن بە رای چەند پسپۆرێکی دەروونی گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ناتوانێت زۆر لەسەر تۆبەکەی بەردەوام بێت و دەڵێت «سوارێز جارێکی دیکەش گاز دەگرێتەوە».

سەرەرای ئەوەی لویس سوارێزی هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بەڵێنی داوە جارێکی دیکە گاز لە کەس نەگرێت و ئاشکراشی کردووە کە بۆ ئەو مەبەستە چەندینجار سەردانی پزیشکی دەروونی کردووە، هەروەها ئیدارەی بارسێلۆناش لە کاتی گرێبەستکردن لەگەڵیدا مەرجێکی قورسی بۆی داناوە بە پێی ئەو مەرجە «ئەگەر ئەو کارە دووبارە بکاتەوە زۆر بە توندی سزا دەدرێت و برە پارەیەکی زۆر لە مووچەکەی کەم دەکرێتەوە». لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەی میترۆی بەریتانی بروا بە سوارێز ناکات و لە راپۆرتێکدا کە چەند وێنەیەکی سوارێزی لەگەڵ داناوە، نووسیویەتی «تۆبەی سوارێز زۆر ناخایەنێت، بەناوبانگترین گازگری جیهانی تۆپی پێ جارێکی دیکە دەست بە گازگرتنی خەڵک دەکاتەوە، چونکە ئالوودەبووە بەو کارەو بە ئاسانی ناتوانێت وازی لێبێنێت». ئەو رۆژنامە بەریتانییە دەڵێت بۆ گەشتن بەم ئەنجامە پرسی بە چەند پسپۆرێکی دەروونی کردووەو ئەوان بە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە هاوشێوەکانی وەک سوارێز گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو جۆرە کەسانەی خۆیان بەو خووەوە گرتووە ناتوانن وا بە ئاسانی وازی لێبێنن.

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (333) سێشەممە 2015/1/6 16ی بەفرانبار 2714 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

بەرەو باڵۆن دۆر..

# رۆناڵدۆ بەناوبانگتر و میسیش کاریگەرترە

3»

"لە هەڵبژاردنی براوەی باڵۆن دۆردا هەست و سۆز رۆڵێکی کاریگەری هەیە"




LOTTO

براوەکانی 36ەمین پێشبڕکێی لۆتۆی (رووداوی وەرزشی) ئەمانەن:
1 ـ شەیما مزەفەر عەلی. 2 ـ بەشار فەهری عەلی. 3 ـ حوسێن عەلی ساڵح. 4 ـ عیماد خالد مستەفا. 5 ـ بەهرە عەبدوڵڵا هەمزە

8




ڤان گال بەهۆی رەگەزپەرستی فالکاوی پشتگوێخستووە

3



دایکی نادال نەیهێشت کوڕەکەی ببێتە یاریزانی بارسێلۆنا

5»



## بەشداری ناکات

سەفین کانەبی، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، کە لە وڵاتی مەقدۆنیا بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی کۆنیفا کرد، بە سایتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ڕاگەیاند کە ئەمساڵ هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانێت بەشداری لە پاڵەوانیەتی کۆنیفادا بکات و سەبارەت بە هۆکارەکەی گوتی «کۆبوونەوەکە بڕیاریدا پاڵەوانیەتی کۆنیفا بۆ هەرێمەکان لە ساڵی 2015 لەسەر ئاستی هەموو جیهان بەڕێوەنەچێت و تەنیا بۆ هەرێمەکانی ئەوروپا ئەنجامبدرێت، بۆیە هەڵبژاردەی کوردستان ناتوانێت ئەمساڵ بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە بکات». هەروەها گوتیشی «لە جیاتی ئەو پاڵەوانیەتییە چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجام دەدەین».

لەوانەیە تەنیا یارییەکانی قۆناخی یەکەم بکەن..

# یاریزانانی کەرکووک بە قەرز یاری دەکەن



## سیروان نەجمەددین: دەستمان لە حکومەتی عێراق شووشتووە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکووک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە دەستیان لە حکومەتی بەغداد شووشتووە بۆ پێدانی پارەو گوتیشی «ئێستا یاریزانان بەقەرز یاری بۆ یانەی کەرکووک دەکەن».

ماوەی چەند ساڵێکە قەیرانی دارایی بەرۆکی یانەی کەرکووکی گرتووە و هیچ بەرپرسێکی شارەکە خۆی لەو یانەیە ناکاتە خاوەن و پشتگیری ناکات، کارگێڕانی یانەکەش لە چاوەڕوانی ئەوەدان حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییان بکات بۆ ئەوەی گرێبەستی یاریزانان و قەرزی سەر یانەکەیان بدەنەوە، ئێستاش یانەکە لە خولی نایابی کوردستان بەشدارەو لە بارودۆخێکی خراپ دایە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوە و ڕۆیشتنی ژمارەیەک لە یاریزانی بەرچاوی یانەکە بۆ یانەکانی دیکە، لەبەرئەوە یانەکە تەنیا خاوەنی 6 خاڵە و لە پلەی دوانزدەمی ڕیزبەندی خولی یانە نایابەکانی کوردستان دێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ باشترکردنی ئاستی یانەکە کەرکووکییەکان دوو گرێبەستیان لەگەڵ دوو یاریزانی بە ڕەگەز ئەفریقی مۆرکردووە، ئەویش بە قەرزی ئەو کاتەیە کە حکومەتی هەرێم پشتگیریان بکات. لەو بارەوە سیروان نەجمەددینی ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێستا بارودۆخی دارایی یانەکەمان زۆر خراپ بووە و گرێبەست و مووچەی سێ مانگی هیچ یاریزانێکمان نەداوە، ئەوەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاستی تیپەکەمان، چونکە ئێستا دەستمان لە حکومەتی بەغداد شوشتووە، بەهۆی ئەوەی کە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە ئەوان بە هیچ پێوەرێک هاوکاری یانەکەی ئێمە ناکەن». لە بارەی پارێزگاری شارەکەش ناوبراو گوتی «پارێزگاریش بەهەمان شێوەیە، تاوەکو ئێستا یانەکەمانی بەسەرنەکردووەتەوە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات، بۆیە هیچ بەرپرسێکی شارەکەمان لە ڕووی یارمەتی داراییەوە هاوکارمان نەبووە».

ئەو زیاتر دەڵێت «ئێستا تەنیا چاومان لەوەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان بکات، ئەگەریش هاوکاری نەکرێین ناتوانین بەردەوامبین و لەوانەیە دەرگای یانەکەمان دابخەین». هەروەها دەشڵێت «لەم ڕۆژانەدا دوو یاریزانی ئەفریقیمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان، قسەمان لەگەڵیان کردووەو پێمانگوتووە دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی یانەی کەرکووک بکەن، ئێستا ئێمە تێکەوتووین و ناتوانین هیچ بڕە پارەیەکیان پێبدەین تاوەکو هاوکارییەکان دەگەن، ئەوانیش ڕازی بوونە. یاریزانانی دیکەشمان بەهەمان شێوەیە ئێمە پارەی ئەوان قەرزارین».

لە بارەی قەرزەکانی یانەکەوە ئەو بەرپرسەی یانەی کەرکووک گوتی «ئێمە ئێستا بڕی 350 ملیۆن دینار زیاتر قەرزارین و جگە لەوەش قەرزی ساڵی ڕابردووشمان لەسەر ماوەو سافمان نەکردووەتەوە، ئەگەر ئەو هەموو قەرزە لەسەر یانەکەمان کۆببێتەوە ناتوانین بەمشێوەیە بەردەوامبین، لەوانەیە تەنیا لە یارییەکانی قۆناخی یەکەم بەردەوامین، چونکە یاریزانان داوای مافی خۆیان دەکەن ئێمەش ناتوانین هەر بەمشێوەیە بە قسە ڕایان بگرین».

لە یاری کاراتێدا..

# پێشمەرگەی سلێمانی بێ ڕکابەرە

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

تیپی کاراتێی پێشمەرگەی سلێمانی زۆرترین ژمارەی یاریزان لە سەرجەم تیپەکانی یانەکە هەیەو ئەو تیپە تا دێت ئاست و ئەنجامەکانی بەرەو هەڵکشانێکی زۆرتر دەڕۆن. سەرپەرشتیاری تیپەکەش دەڵێت «ئێمە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان ڕکابەرمان نییە».

هاوکار مەحموود، سەرپەرشتیاری تیپی پێشمەرگەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە ڕێزی سەرجەم تیپەکانی ڕکابەرمان دەگرین و مەبەستیشمانە یارییەکە زیاتر گەشە بکات، بەڵام زیاتر ئامانجی ئێمە بۆ پاڵەوانیەتی گەورەیە. لەسەر ئاستی

> «سلێمانی پایتەختی کاراتێی عێراق و کوردستانە»

تازەپێگەیشتووان و کچانیشمان چەند ساڵێکە ستەیجی خەڵاتەکان شایەت و قسەکەری کردارەکانمان بووە».

ئەو سەرپەرشتیارەی کاراتێزانەکانی سلێمانی، گوتیشی «تیپەکە ئێستا نزیکەی 60 یاریزانی لە سەرجەم ئاستە جیاوازەکان هەیەو بە نیازیشن ئەو ڕێژە زیاتر گەشە پێبدەن، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی یاریزانانی کاراتێ لە گەشەسەندندایە».

هاوکار ئەوەشی خستەڕوو تیپەکەی بە پێی پلانەوە بەشداری چەند پاڵەوانیەتییەک دەکات و مەبەستیشانە لەو پاڵەوانیەتییانەدا نمایشی ئێستای مەشقە چڕەکانیان بەرەنجام بگەینن و وەک خۆی دەڵێت «لە ئاستی کوردستان و عێراق ڕکابەرمان نییە».

ئەو پێشتر کە بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەو ناوەی عێراقیش کردووە، دەڵێت «هیچ شارێک هێندەی پارێزگای سلێمانی یاریزانی نییەو بووەتە پایتەختی کاراتێی عێراق و کوردستان». هەروەها گوتیشی «لە هەموو پاڵەوانیەتییەکی دەرەکیدا هەڵبژاردەی عێراق پشتی بە یاریزانی کورد بەستووە و چەندین مەدالیای جۆراو جۆریشیان بۆ ئەو هەڵبژاردەیە بردووەتەوە».



ڕاموون ئەلفرێدۆ، یاریزانی سلڤادۆری یانەی زاخۆ:

# لە پێناو خولی کوردستان خولی کازاخستانم جێهێشت



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ زاخۆ**

ئەلفرێدۆ، یاریزانی سلڤادۆری یانەی زاخۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «کوردستان و زاخۆ زۆر خۆشن و خولی کوردستانیش زۆر بەهێزە، حەزدەکەم لە کوردستان کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بێنم».

ئەم وەرزە یانەی زاخۆ بە مەبەستی بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەکەی بۆ خولی نایابی کوردستان ژمارەیەک یاریزانی بەتوانای هێناوەتە ریزەکانی خۆی، یەکێک لەو یاریزانانە ڕاموون ئەلفرێدۆی بە ڕەگەز سلڤادۆرییە، لە هێڵی ناوەڕاست یاریدەکات و ئەم وەرزە توانیویەتی لەگەڵ یانەکەی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بە هۆیەوە ئاستی یانەکەش بەرزبووەتەوە.

ئەلفرێدۆ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ماوەیەکە لە ڕێگەی چەند هاوڕێیەکەوە هاتوومەتە کوردستان، ئەوان سەرەتا باسی کوردستانیان بۆ کردم، گوتیان وڵاتێکی خۆشەو ئەمن و ئاسایش بەرقرارە، بۆیە بڕیارمدا لە کازاخستانەوە بێمە کوردستان، کە لە خولی نایابی ئەو وڵاتە یاریم دەکرد». ئەو کە بە قسەی خۆی پێشتریش لە چەندین وڵات یاری کردووە، گوتیشی «خۆشبەختانە لە هاتنم بۆ کوردستان پەشیمان نیم، چونکە کوردستان وڵاتێکی جوانە، زاخۆ شارێکی خۆشە و خولی کوردستانیش خولێکی بەهێزە». ئەو یاریزانە سلڤادۆرییە زیاتر باسی کوردستان و خەڵکەکەی دەکات و دەڵێت «خەڵکی کوردستان زۆر ڕێز لە مرۆڤی بیانی دەگرێت، هەست بە غەریبی ناکەم، هەستدەکەم زاخۆ شارەکەی خۆمە و کوردستانیش بە وڵاتی خۆمی دەزانم، بۆیە بڕیارمداوە لەگەڵ یانەی زاخۆ بەردەوام بم و لەگەڵ ئەو یانەیە کۆتایی بە ژیانی وەرزشیی خۆم بێنم».

ئەلفرێدۆ، هیوای خواست ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەی زاخۆ پێشکەش بکات و بەڵێنیدا ئەوەی لە توانایدا بێت بۆ یانەکەی بیکات و بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی نەکات.

> «حەزدەکەم لە کوردستان کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بێنم»



KOREK



ڕۆژنامەکانی بەریتانیا زۆر پەسنی فرانک لامپاردی یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزیان داو بە یاریزانی ئەفسانە ناویانبرد، دوای ئەوەی توانی گۆڵی سێیەمی یانەکەی لە یانەی سەندەرلاند تۆماربکات، چونکە بەو گۆڵە ژمارەی گۆڵەکانی لامپارد لە پریمەرلیگدا گەیشتە 176 گۆڵ و بووە چوارەم گۆڵکاری مێژوویی ئەو خولە گەورەیە، سەرەڕای ئەوەی هێرشبەر نییەو لە هێڵی ناوەڕاست یاریدەکات. بۆیە ئەو ڕۆژنامانە نووسیویانە «لامپارد سەلماندی کە ئەفسانەیە، تەنیا ئالان شیرار و ئاندی کۆل و واین ڕۆنی زیاتر لەو گۆڵیان تۆمارکردووە».

بە پێی گشتپرسییەکی نوێ..

# خەڵکی زیاتر ڕۆناڵدۆ دەناسن و پتر بڕوایان بە میسییە



**ئا: ئیحسان تاهیر**

تاوەکو لە وادەی دەستنیشانکردنی براوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری 2014 نزیک دەبێتەوە، بایەخی میدیای جیهانی بە 3 کاندیدەکەی ئەو خەڵاتە زۆرتر دەبێت، بە تایبەتیش هەردوو جەمسەری تۆپی پێ، لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی.

## گشتپرسییەکی تایبەت

زۆرجار گوێمان لە بەراوردکردن لە نێوان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیونێل میسی دەبێت، کە دوو باشترین یاریزانی جیهانن و ڕۆژانە ژمارە پێوانەییەکان دەشکێنن، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەراوردکردن لەلایەنی داراییەوە، شتەکە کەمێک جیاوازترە. بێشک گرنگترین کۆمپانیاکانی جیهان بە وردی لە جەماوەریی ئەو دوو ئەستێرەیە دەڕوانن، بۆ ئەوەی ڕێکلام بۆ کاڵاکانیان بکەن، لەم چوارچێوەیەوە کۆمپانیای (ریبی کۆم) بەریتانی گشتپرسییەکی بۆ زانینی کامیان لەو دوو ئەستێرەیە بەناوبانگترەو کامیان کاریگەرترە لەسەر ئاستی جیهان ئەنجام داوە، بۆ ئەمەش رای 7 هەزار کەسی لە 15 وڵات وەرگرتووە، لە ئەنجامی گشتپرسییەکە دەرکەوت هەردوو ئەستێرەکە سیفەتی باشتر لە یەکتریان هەیە، ئەمەش وایکردووە هەڵبژاردنی تەنیا یەکێکیان زۆر ئەستەم بێت.

## ڕۆناڵدۆ لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە داواکراوە

یەکەم ئەنجامی گشتپرسییەکەی کۆمپانیای ریبی کۆم دەریدەخات، ڕۆناڵدۆ لەسەر ئاستی جیهان بەناوبانگترینە بە ڕێژەی 92%، کەچی ڕێژەی ناوبانگی میسی بریتییە لە 87%. لە میانی هەمان گشتپرسیدا دەرکەوتووە ڕۆناڵدۆ لەلای هەردوو ڕەگەز لە میسی بەناوبانگترە، ڕێژەی ئەو پیاوانەی بەدواوەی ورد و درشتی ڕۆناڵدۆن بریتییە لە 94% و ڕێژەی ئافرەتانیش 91%، سەبارەت بە میسی ڕێژەکە بۆ پیاوان بریتییە لە 91% و بۆ ئافرەتانیش 84%. هەروەها دەرکەوتووە ناوبانگی دۆن هەموو کیشوەرەکانی بڕیووە و لە زۆربەری وڵاتان ناسراوە، میسی تەنیا لە ئەرجەنتین و چین لە ڕۆناڵدۆ بەناوبانگترە.

## زۆرینە متمانەیان بە میسی هەیە

ئەنجامدەرانی گشتپرسییەکە هەوڵیانداوە رای بەشداربووان لەسەر هەموو شتێکی ورد و درشتی ئەو دوو ئەستێرەیە وەربگرن، بۆیە ژمارە و ئامارەکان دەریدەخەن 76%ی بەشداربووان متمانەیان زیاتر بە میسییە و ڕێژەی متمانەیان بە ڕۆناڵدۆ بریتییە لە تەنیا 68%، هەروەها میسی بە ڕێژەی 84% بەرامبەر 80% بۆ ڕۆناڵدۆ ئاواتی زیاترە. هەروەها پێیانوایە میسی کاریگەری بەسەر خەڵکی لە ڕۆناڵدۆ زیاترە و ڕێژەی میسی بریتییە لە 88% بەرامبەر بە 84% بۆ ڕۆناڵدۆ، ئەمەش ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی میسی شکاندووەتەوە بۆیە 78% پێیانوایە میسی نموونەی باڵایانە، بەڵام 68% ڕۆناڵدۆ بە نموونەی باڵای خۆیان دەزانن.

## هەست و سۆز بڕیاردەرن

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە هۆکارێکی سەرەکی بوونی بەردەوامی میسی و ڕۆناڵدۆ لە کێبرکێکردن لەسەر خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان، بۆ ئەو ناوبانگ و خۆشەویستییە زۆرە دەگەڕێتەوە کە ئەو دوو ئەستێرەیە لە سەرانسەری جیهاندا هەیانە. چونکە وەک ئەو چاودێرانە دەڵێن «ئەوانەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنی باشترینەکانی جیهان دەدەن، مرۆڤن و هەست و سۆزیان هەیە، زۆر لەوانە بەو دوو یاریزانە سەرسامن و خۆشیان دەوێن، بۆیە چەندین ساڵ وا ڕوویداوە یاریزانێکی دیکە لە ڕووی بەدەستهێنانی نازناوەکان لە میسی و کریستیانۆ باشتر بووە، کەچی لە کاتی دەنگداندا ئەو دووانە بێ ڕکابەرن».

> «میسی تەنیا لە ئەرجەنتین و چین لە ڕۆناڵدۆ بەناوبانگترە»



دیارترین 10 لێدوانی ساڵی 2014..

# سکۆلاری پیرەمێردێکی گەوج و کەللەڕەقە و فیفاش گەندەڵە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لە ساڵی 2014 چەندین دیمەن، دەستکەوت، شکست و ڕووداوی وەرزشی هەبوو کە لەبیر ناکرێن، بێجگە لەوانە چەندین لێدوانی سەرنجڕاکێشیش هەبوون، کە بوونە هۆکاری نانەوەی پشێوی لە نێو نێوەندە وەرزشییەکاندا. ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لە بارەی 10 دیارترین لێدوانی وەرزشی ساڵی 2014 بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمانەن:

1 ـ «فیفا تەنیا لە کۆمەڵێک پیر و کوڕە سۆزانی پێکهاتووە»

سەرۆکی ئۆرگوای خۆزێ مۆخیکا بەمشێوەیە توانجی لە سزای توندی فیفا دا، کە بەسەر ئەستێرەی یەکەمی ئۆرگوای لویس سوارێزدا سەپاند، دوای ئەوەی لە مۆندیال گازی لە شانی جیۆرجیۆ کلینی بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا گرت.

2 ـ «باڵۆن دۆر شانۆگەرییەکە بۆ ڕۆژنامەنووسان، بایەخی پێنادەم، زۆرم بیر لە هۆکاری بوونی و سوودی بۆ براوەی ئەو خەڵاتە کردەوە»

ئەمە لێدوانی یۆهان کرۆیفی ڕاهێنەر و یاریزانی پێشووی بارسێلۆنا و یانەی ئەجاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بوو لە بارەی بۆچوونی لەسەر خەڵاتی باڵۆن دۆر و ڕکابەری سەرسەختی نێوان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیۆنێل میسی.

3 ـ «نەمدەویست لە ڕیال مەدرید بڕۆم، بەڵام مرۆڤ دەبێت هەندێجار بچێتە شوێنی دیکە، ئەوکاتەی پێشوازی لە بوونی ناکرێت»

دوای ڕۆیشتنی لە ڕیال مەدرید و چوونی بۆ یانەی مانچستەر یونایتد، ئەنخێل دی ماریای ئەستێرەی ئەرجەنتینی بەمشێوەیە باسی ڕۆیشتنی خۆی کرد.

4 ـ «بەر لە هێنانی یاریزانان ڕاوێژ بە من نەکراوە، سەرۆکی یانە درۆی کرد لەو بەڵێنەی بەمنی دابوو، داوای 12 یاریزانم کردبوو، گرێبەستی لەگەڵ هیچیان نەکرد»

مارسیلۆ بیلسا، ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی مارسیلیای فەرەنسی، بەمشێوەیە ڕەخنەی لە چالاکی تیپەکەی لە میرکاتۆی هاوینە گرت و بە نەرێنی وەسفیکرد و هێرشی کردە سەر کارگێڕی یانەکە.

5 ـ «هەست بە شەرمەزاری دەکەم، یاریزانان بەر لە یارییەکە بیریان لە وەرگرتنی درێسی ئەستێرەکانی بارسێلۆنا دەکردەوە، لەمەودوا تەنیا ئەو یاریزانانە یاری دەکەن کە خۆیان هیلاک دەکەن و ئازان»

میرۆسلاف دیۆکیچ، ڕاهێنەری یانەی قورتوبە دوای دۆڕانە قورسەکەی تیپەکەی بەرامبەر بارسێلۆنا، بەم لێدوانە هێرشی کردە سەر یاریزانەکانی.

6 ـ «پیرەمێردێکی گەوج، سەرەڕۆ و کەللەڕەقە»

بریکاری یاریزانی بەرازیلی واگنەر ریبیرۆ بەمشێوەیە ڕەخنەی لە لویس فیلیپی سکۆلاری ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل گرت، دوای ئەوەی سامپا بە سەرشۆڕی لە مۆندیالی بەرازیل دەرچوو.

7 ـ «بۆیان تاکە یاریزانە کە خەریکبوو بمکوژێت و ببێتە هۆکاری تووشبینم بە جەڵتەی دڵ، لەبەرئەوەی لە ساتەکانی کۆتایی یاری نیوەی کۆتایی چامپیۆنسلیگ گۆڵێکی جوانی تۆمارکرد، ئەوکاتەی یاریزانی بارسێلۆنا بوو، بەڵام لە بەخت باشی گۆڵەکە لەبەر ئۆفساید هەژمار نەکرا».

خۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری یانەی چێڵسی، پێش یاری تیپەکەی بەرامبەر ستۆک سیتی، کە ئێستا بۆیان کریکیچ یاری بۆ ئەو یانەیە دەکات، بەمشێوەیە باسی یاری نێوان ئینتەرمیلان و بارسێلۆنا لە چوارگۆشەی زێڕینی ساڵی 2010 کرد.

8 ـ «ئاواتەخوازم یاریزانان هاوشێوەی پابەندبوونیان بە یانەکان ئاواش پابەندی هەڵبژاردەکانیان بن، هەندێجار بە پێکانەوە بەشداری لە یارییەکانی لارۆخا دەکەم، شتەکە بۆ بە ئەمەکی یاریزان بۆ هەڵبژاردەکەی دەگەڕێتەوە»

سێرجۆ ڕامۆس، ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ڕیال مەدرید، بەم لێدوانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە هەردوو یاریزانی چێڵسی، دیێگۆ کۆستا و سیسک فابریگاس گرت، دوای ئەوەی گوتیان پێکانمان هەیە و بەشداری یارییەکی هەڵبژاردەی ئیسپانیایان نەکرد.

9 «بارسێلۆنای ئەو وەرزە لە میسی و 10 یاریزانی دیکە پێکهاتووە، کە لە چەندین یارییدا یانەکەی ڕزگار کردووە»

سیسک فابریگاس، ئەستێرەی ئیسپانی و یاریزانی چێڵسی، بەمشێوەیە ڕەخنەی لە ئاستی تیپی پێشووی بارسێلۆنا لەم وەرزە گرت.

10 ـ ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی بەناوبانگ جیلیم باڵاگی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (میسی) باس لەوە دەکات «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی ڕیال مەدرید زۆر ڕقی لە لیونێل میسی ئەستێرەی بارسێلۆنا دەبێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی بەرامبەر زوومی کامێراکان نیشانی دەدات، ڕۆناڵدۆ لەکاتی دوانی بۆ یاریزانانی تیپەکەی لە ژووری جلگۆڕین بەردەوام بە خراپە باسی میسی دەکات و بە (هەڵگێراوە) وەسفی دەکات، هەروەها هاوڕێکانیشی لە ڕیال بە (سەگە بچووکەکەی ڕۆناڵدۆ) ناوی میسی دەهێنن».

نهێنییەکانی ناو ماڵی شەیتانەکان..

# «فالکاو بەهۆی ڕەگەزپەرستی پشتگوێخراوە»

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

کەناڵی سکای سپۆرتی بەریتانی تیشکی خستووەتە سەر کێشەی فەرامۆشکردنی رادامیل فالکاوی هێرشبەری مانچستەر یونایتد لەلایەن ڕاهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گالەوە.

ماوەیەکی درێژە فالکاو لە پێکانەکەی چاک بووەتەوە و ئامادەییە بەشێوەی سەرەکی یاری بکات، واتە دەتوانێت زیاتر لەوە یاری بکات کە ڤان گال بۆی داناوە، پشت نەبەستنی ڤان گاڵ بە فالکاو کە یەکێکە لە باشترین هێرشبەرەکانی جیهان، مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، ئەمەش بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو دووانە دەردەخات.

## یاریکردنی ڤان پێرسی گومانەکانی زیاترکردووە

بە ڕوونی دیارە ڤان گال لە ئاست ڕۆبن ڤان پێرسی بێدەنگەو بەردەوام دەرفەتی یاریکردنی پێدەبەخشێت و بە شێوەیەکی سەرەکی یاری پێدەکات، هەرچەندە ئاستی زۆر دابەزیووە، کە چی فالکا و تاوەکو ئێستا زۆر کەم بەشێوەی سەرەکی یاریکردووە، فالکاو بووەتە قوربانی و ڕەگەزپەرستی ڤان گال، کە هاووڵاتیەکەی خۆی ڤان پێرسی بە پێشی ئەو دەخات، بۆیە بەر لە گەڕانەوەی بۆ مۆناکۆ دەبێت دەرفەتی زیاتری پێبدرێت.

## خەریکە بتەقێتەوە

وادیارە کێشەکە زیاتر ئاڵۆز بووە، هەرچەندە فالکاو بێدەنگی هەڵبژاردووە، ڤان گال و کارگێڕی یانەکەش کێشەکەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن شاردووەتەوە، هەر بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو و نووسراو نەیانتوانیوە زیاتر بچنە بنج و بنەوانی نهێنییەکانی نێو ماڵی مانچستەر یونایتد، بەڵام بەردەوامبوونی ڕەوشەکە بەمشێوەیە لەوانەیە بتەقێتەوە، نەخاسمە ئەگەر ڕەوشەکە ئەستێرەی دیکەش بگرێتەوە، کە هەمان کێشەی فالکاویان هەیە، کە یاریزانی لاو ویلسۆن زیاتر لە جارێک لە شوێنی فالکاو بینراوە.

## نیڤیل: دەبێت متمانە بە فالکاو بکرێت

ڤیل نیڤیلی ئەستێرەی پێشووی مان یونایتد بەشێوەیەکی بابەتیانە باسی لەو کێشەیە کردو داوای لە ڤان گال کرد فالکاو بگەڕێنێتەوە ئاستی جارانی و سوود لە تواناکانی وەربگرێت و گوتی «مان یونایتدم پاڵاوتووە بگەڕێتەوە ڕکابەریکردن لەسەر نازناوی پریمەرلیگ، ئەمەش بۆ ئەنجامەکانی ئەم دواییەی دەگەڕێتەوە، بەڵام دووپاتیدەکەمەوە کارەکە بە زنجیرەیەک مەرج تێدەپەڕێت، کە گرنگترینیان بەخشینی دەرفەتە بە فالکاو و گێرانەوەیەتی بۆ ئاستی جارانی، چونکە ئەو هێرشبەرێکی زۆر بە توانایەو لەوانەیە ببێتە هۆکارێکی سەرەکی ڕکابەریکردن لەسەر نازناوی ئەمساڵی پریمەرلیگ».





## ڕاستە

ڕۆبێرتۆ مارتینێزی ڕاهێنەری یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی دانی بەوەدانا کە ڕۆس بارکلی ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی لەلایەن چەند گەورە یانەیەکی ئینگلیزییەوە کراوەتە ئامانج، بۆیە زەحمەتە لەگەڵ ئێڤەرتۆن بمێنێتەوەو گوتی «ڕاستە، لە چەند یانەیەکی گەورەوە گرێبەستی گرانبەها بۆ بارکلی هاتووە، بۆیە زەحمەتە بتوانێت لەگەڵمان بەردەوام بێت، هەرچەندە زۆر حەزدەکەین بەلای کەمەوە تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە یاری بۆ یانەکەمان بکات، چونکە یاریزانێکی زۆر بە توانایە و زۆر سوودی بۆ یانەکەمان هەیە».



# 100 لە 100

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بەر لەوەی ساڵی 2014 تەواوبێت، دوو یاریزانی ئینگلیز دوو ژمارەی پێوانەییان بەناونیشانی 100 تۆمارکرد، بەڵام هەریەکەو بە شێوازێک و لە بوارێک. یەکێکیان ستیڤن جیراردی کاپتنی یانەی لیڤەرپوولە و ئەوەی دیکەشیان گاریس باری یاریزانی یانەی ئێڤەرتۆنە.

لە گەڕی 20ی خولی نایابی ئینگلیزیدا جیرارد دوو لێدانی سزای بە سەرکەوتوویی بۆ لیڤەرپووڵ لە دژی یانەی لیستەر سیتی تۆمارکردو بەو دوو گۆڵە جیرارد یانەکەی کردە یەکەم یانە لە مێژووی پریمەرلیگدا کە 100 گۆڵ بە لێدانی سزا تۆماربکات. هەروەها ئەو ئەستێرەیە خۆیشی بووە خاوەنی 30 گۆڵ کە لە ڕێگەی لێدانی سزاوە تۆماریان بکات، بەمەش ئێستا جیرارد بووە سێیەم باشترین گۆڵکار لە ڕێگەی لێدانەکانی سزا لە مێژووی پریمەرلیگدا، کە فرانک لامپاردی یاریزانی پێشووی یانەی چێڵسی و ئێستای مانچستەر سیتی خاوەنی پلەی دووەمە بە تۆمارکردنی 43 گۆڵ لە ڕێگەی لێدانی سزاوە. ئالان شیراری کاپتن و ئەستێرەی یانەی نیوکاسڵیش بە تۆمارکردنی 56 گۆڵ لە ڕێگەی لێدانی سزاوە، خاوەنی پلەی یەکەمە.

لە هەمان گەڕی پریمەرلیگدا، گاریس باری یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر سیتی و ئێستای یانەی ئێڤەرتۆنیش بە وەرگرتنی کارتێکی زەرد لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ستۆک سیتی بووە یەکەم یاریزانی لە مێژووی پریمەرلیگدا 100 کارتی زەرد وەربگرێت. ئەو یاریزانە کە تەمەنی 33 ساڵە، یەکێکە لەو یاریزانانەی شێوازی یاریکردنی بە توندوتیژی ناسراوە.



# ئیبراهیمۆڤیچ ڕاوچییەکی بێ بەزەییە

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ، ئەستێرەی سوێدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوێد و کۆمەڵەکانی پاراستنی ئاژەڵ خۆی تووشی کێشە کرد، دوای ئەوەی ئاسکێکی ئەسکەندنافی ڕاوکردو ئێستا ڕووبەڕووی دژە هەڵمەتێکی توند دەبێتەوە.

هەرچەندە حکومەتی سوێد ڕێگەی بەو جۆرە ڕاوکردنە داوە، کەچی چەندین ڕێکخراوی ناوخۆ گلەییان لەو هەڵوێستەی ئیبرا گرت، نەخاسمە دوای ئەوەی ئیبرا بە شانازییەوە باسی لە ڕاوکردنی ئەو ئاسکە کرد. ڕۆژنامەی ئێکسپرێسنی سوێدی هەواڵەکەی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا هاتووە ڕێکخراوەکان داوای سزادانی زڵاتان و دەست بەسەرداگرتنی چەکەکەیان کردووە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو جۆرە کارە دووبارە نەکاتەوە، چونکە لەوانەیە بەو هەنگاوەی دەرگای دووبارە ڕاوکردنی بۆ هەموو سوێدییەکان واڵا کردبێت، کە ئیبرا بە پێشەنگی خۆیان دادەنێن. زڵاتان شەیدای ڕاوکردنە و تەنیا لە وشکایی ڕاو ناکات، بەڵکو لە ڕاوکردنی ماسیش زۆر لێهاتووە و چەندینجار ماسی گەورەی ڕاوکردووە.

بەڵام ئەو تاکە یاریزان نییە حەزی لە ڕاوکردن بێت، بەڵکو ڕۆبیرتۆ باجیۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیاش زۆر حەزی لە ڕاوکردنە بە تایبەتی ڕاوکردنی مراوی، هەروەها ئەستێرەی پێشووی ئەرجەنتینی، ماتیاس ئەلمیدا چەکی ڕاوکردنی هەیە و پێشتریش مانگا و ئەسپی بەخێو دەکرد.



## لە کۆلۆمبیا..

# لەسەر ڕکێلمی پیاو دەکوژرێن


**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

ڕۆژنامەنووسێکی کۆلۆمبی بە گاڵتەوە هەواڵی گواستنەوەی یاریزانی ئەرجەنتینی، خوان ڕۆمان ریکێلمی بۆ یانەی میوناریۆسی کۆلۆمبی هاوشێوەی درۆی نیسان بڵاوکردەوە، بەڵام نەیزانی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ساختەیە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە.

چیرۆکەکە ئەوکاتە دەستیپێکرد کە ڕۆژنامەنووسی وەرزشیی، جۆن جیریرۆ لە ڕادیۆی ئەنتینا 2 لە ڕۆژی سڤیلەکان کە هاوشێوەی ڕۆژی یەکی نیسانەو خەڵکی هەواڵی بەدرۆ بڵاودەکەنەوە، هەواڵی گواستنەوەی ریکێلمی بۆ یانەی میوناریۆسی کۆلۆمبی بڵاوکردەوە، بەڵام هاندەرێکی دەمارگیری یانەکە باوەڕی بەو درۆیە کرد و بەهۆی هەواڵەکەوە هەستی بە خۆشییەکی زۆر کرد، بەڵام دوای ئەوەی بۆی ئاشکرابوو کە هەواڵەکە درۆیە، بڕیاریدا بە کوشتن سزای ئەو ڕۆژنامەنووسە بداتەوە.

ئەو هاندەرە تووڕەیە چەند نامەیەکی هەڕەشەئامێزی لەسەر پەیجی ڕادیۆیەکە لە فەیسبووک بڵاوکردەوەو تێیدا دووپاتیکردەوە "جیریرۆی ڕۆژنامەنووس دەبێت ژیانی بکاتە نرخی ئەو درۆیە". هەروەها ئەو هاندەرە پاداشتی 200 هەزار پیزۆی ڕاگەیاند بۆ ئەو کەسەی جیریرۆ بکوژێت، لەبەرئەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە ناچاربوو پولیس ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی لەو هاندەرەی بپارێزن، کە دەرکەوتووە لە بانکێک کاردەکات، بۆیە زۆر بە جیددی مامەڵەی لەگەڵ هەڕەشەکە کردووە، چونکە کۆلۆمبیا بەوە ناسراوە کە ئاسایش تێیدا بەرقەرار نییە و تاوانیش زۆر بە بەرفراوانی تێیدا بەربڵاوە.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



دوو شت شانازییەکی گەورە بە مرۆڤ دەبەخشن، یان نازناوی پاڵەوانییەتییەکی گەورە ببەیتەوە یان لەگەڵ ستیڤن جیرارد یاری بکەی

ئەلڤارۆ ئەربیلوا

(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



لەوانەیە فیفا باڵۆن دۆر بە میسی بدات، چونکە تەنیا بەرژەوەندی و هەواو هەوەس پێوەرەکانی ئەو دەزگایەن کە پیرەمێردە سویسرییەکە سەرۆکایەتی دەکات

تۆماس ڕۆنسێرۆ

(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی)



ئەگەر خەڵاتی باڵۆن دۆر بە مانوێل نوێر نەدرێت، ئەوە دەبێتە گەورەترین ستەمی ساڵی 2014 لە جیهانی وەرزشدا

ڕۆبێرتۆ مانچینی

(ڕاهێنەری یانەی ئینتەرمیلان)



جیاوازی میسی و ڕۆناڵدۆ لەوەدایە کە بارسێلۆنا ناتوانێت قەرەبووی میسی بکاتەوە، بەڵام ریال مەدرید دەتوانێت بە هەر یاریزانێکی دیکە بۆشایی ڕۆناڵدۆ پڕبکاتەوە

ڕۆبێرتۆ تراشۆراس

(یاریزانی یانەی رایۆ ڤالیکانۆ)



لە ڕاستیدا هیچ بیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ریال مەدرید لە جامی شای ئیسپانیا ناکەمەوە، چونکە ئەرکێکی ئاسانە و یانەکەمان هەر لە ئێستاوە لە قۆناخی چوارەمە

ئێنریکی سیریزۆ

(سەرۆکی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



ریال مەدرید و بایرن میونشن وەک یەک گەورەن، تاکە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ریال مەدرید کریستیانۆی هەیە و بایرن میونشن نییەتی

کریستۆف میتزێلدەر

(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



درۆیە

زلاتان ئیبراهیمۆیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی هەموو ئەو هەواڵانە رەتدەکاتەوە کە باس لە رۆیشتنی لە یانەی پاریسی دەکەن بەرەو خولی ئیتاڵیا و دەڵێت «درۆیە، قەت نەمگوتووە دەگەڕێمەوە خولی ئیتاڵیا، نازانم کێیە ئەو درۆیانە دەکات، ئارەزووی ئەوەم نییە ریزەکانی پاریس سانجێرمان بۆ هیچ یانەیەکی دیکەی ئیتاڵی و نا ئیتاڵی جێبهێڵم، من زۆر دڵخۆشم لەگەڵ یانەکەم و لەوانەیە هەر لەگەڵ ئەو یانەیەش کۆتایی بە کاروانی وەرزشیی خۆم بێنم».



## گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

83

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لیڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لیڕی

## یاسین و محەممەد سەعید کوردی..

# هەردوو کوردە ئەفریقییەکە نێودەوڵەتین

دوو وەرزشوانی کورد لە ئەفریقیا ناوبانگێکی زۆریان دەرکردووە، یەکێکیان کوردێکی مەغریبییەو یاریزانی تۆپی پێیە. یەکێکیشیان کوردێکی تونسییەو ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە لە تۆپی پێ.

### یاسین کوردی

کوردێکی مەغریبییە، لە خولی مەغریب و جامی یەکێتی ئەفریقیا یاری دەکات. ئەو یاریزانە کوردە پێشتر یاریزانی یانەکانی قنێتری و رەجای مەغریبی بووە. لە ساڵی 2011 تاوەکو 2014 یاریزانی یانەی جەیشی مەلەکی مەغریبی بووەو لەگەڵ ئەو یانەیەدا بەشداری لە جامی یەکێتی ئەفریقیای 2013 کردو توانیان خۆیان بگەیەننە قۆناخی 16ی پاڵەوانییەتییەکە، بەڵام لەو قوناخەدا لەسەر دەستی یانەی فەتحی ریباتی مەغریبی کرانە دەرەوە، دوای ئەوەی لە دوو یاری چوون و گەڕانەوەدا بە ئەنجامی 0 ـ 1 و 3 ـ 3 بۆ بەرژەوەندی فەتحی ریباتی تەواوبوون. ئەو یاریزانە کوردە، کە لە 1985/7/24 لەدایکبووە، لە هێلی بەرگری یاریدەکات. لە وەرزی 2012 ـ 2013 لەگەڵ یانەی جەیشی مەلەکی بوونەتە دووەمی خولی مەغریبی. دواتر بە پێی گرێبەستێک ریزەکانی ئەو یانەیەی بەرەو ریزەکانی یانەی ویدادی مەغریبی جێهێشتووەو تاوەکو ئێستاش یاری بۆ ئەو یانەیە دەکات.




### محەممەد سەعید کوردی

ئەم کوردە، ناوبژیوانێکی گەورەی نێودەڵەتییە، کوردێکی تونسییە و لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2014ی بەرازیل ناوبژیوانی کردووەو رۆژی 2011/11/16 وەک ناوبژیوانی ناوەڕاست یاری نێوان ئەسیۆبیا و سۆمالی بەرێوەبردووە، کە هەڵبژاردەی ئەسیۆبیا بە 5 گۆڵی بێبەرامبەر براوە بوو.

محەممەد سەعید کوردی، لە جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 2013ی خوار تەمەن 17 ساڵی لە وڵاتی مەغریب بەشداری کرد کاتێک لە بەرواری 2013/4/14 یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی کۆنگۆ و کۆتدیڤواری بەڕێوەبرد و یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوولا بە گۆڵێک بەکۆتاییهات.

هەروەها بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەفریقیای 2013 کردووە و لە جامی یەکێتی کۆنفیدرالی ئەفریقیاش پشتی پێدەبەسترا. هەروەها لە خولی تونسیش بەردەوام پشتی پێدەبەسترێت و چەندینجار یاری کلاسیکۆی نێوان تەرەجی و نەجم ساحلی بەڕێوەبردووە.



## ئێستا هاندەری ریال مەدریدە..

# دایکی نادال نەیهێشت ببێتە یاریزانی بارسێلۆنا



رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رافائیل نادال، یاریزانی تێنسی سەرزەوی ئیسپانی دانی بەوەدانا کە هەر منداڵییەوە سوور بووە لەسەر ئەوەی بچێتە نێو دونیای وەرزش، بەڵام لەوە دڵنیا نەبووە کە دەبێتە یاریزانێکی پیشەگەری تێنس، چونکە وەک خۆی دەڵێت "هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە ببمە یاریزانی تۆپی پێ".

نادال کە بەوە ناسراوە زۆر شەیدای تۆپی پێیە و هاندەرێکی سەرسەختی یانەی ریال مەدریدیشە، ئاشکرایکرد کە دایکی رێگری بووە لەوەی ببێتە یاریزانی تۆپی پێ، لە پێناو ئەوەی بایەخ بە خوێندنی خۆی بدات و لەو بارەوە دەڵێت "دایکم رازی نەبوو ببمە یاریزانی تۆپی پێ، کە خەونی منداڵیەتی من بوو، ئەو دەیویست زیاتر بایەخ بە خوێندنەکەم بدەم". نادال زیاتر لەو بارەوە قسەدەکات و دەڵێت "هەر زوو خەونم بەوە دەبینی ببمە وەرزشوانێکی ناسراو و ئاستبەرز، یاریزانی تۆپی پێ یان تێنس بەلامەوە گرنگ نەبوو، بەڵام دایکم پێی باشبوو بایەخ بە خوێندنەکەم بدەم، بۆیە بە قسەی ئەوم کردو ماوەیەکی زۆر خوێندم، دواتر بەرگەم نەگرت و رووم لە یاری تێنس کرد، کاتێک بوومە یاریزانێکی پیشەگەری یاری تێنس وازم لە خوێندن هێنا".

نادال کوڕی برای میگێل ئەنخێل نادالی بەرگریکاری پێشووی یانەی بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئیسپانیایە. واتە ئەگەر دایکی رازی بوایە ببێتە یاریزانی تۆپی پێ ئەگەری ئەوە زۆر دەبوو نادال چاو لە مامی خۆی بکات و ببێتە یاریزانی یانەی بارسێلۆنا نەک هاندەری ریال مەدرید.

## ژمارەکان شایەتی دەدەن..

# بەیڵ خراپترین یاریزانی ریال مەدریدە



## «رۆدریگز و ئیسکۆ و مۆدریچ زیاتر لە بەیڵ شایەنی ئەوەن بەشێوەی سەرەکی یاری بکەن»

ئا: رووداوی وەرزشی

گاریس بەیڵ، ئەستێرەی ریال مەدرید وەرزی تازەی بە هیوای گەورە دەستپێکرد، بۆ ئەوەی قەرەبووی هاندەرانی یانەکە بکاتەوە سەبارەت بە ئاستی لە یەکەمی وەرزی لەگەڵ یانەکەدا. بەڵام تاوەکو ئێستا ئاستێکی وای پێشکەش نەکردووە تاکو هاندەرانی یانەکەی لێیخۆش بن. ژمارەکانی بەیڵ لەم وەرزە دووپاتیدەکەنەوە ئەو خراپترین ئەستێرەی ریال مەدریدە، لەگەڵ ئەوەشدا بەیڵ هەر یاریزانی سەرەکی پێکهاتەی کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەرە و بەردەوام یاری پێدەکات.

### ئاستی وەک پێویست نییە

بەیڵ لە هەموو یاریزانەکانی دیکە کەمتر بەشداری یاریدەکات، لەگەڵ هاورێکانی و تەنیا لە پێش کاسیاسی گۆڵچی دێت، بەیڵ تاوەکو ئێستا 1115 خولەک لە لیگا یاریکردووەو تەنیا 312 پاسی داوە، کە 248 پاسیان دروست بووە بە رێژەی 79.48%، لە رووی هێرشبردنەوە بەیڵ بە بەراورد لەگەڵ رۆناڵدۆ، بنزیمە، ئیسکۆ و رۆدریگز لە هەمووان بەشداری کەمترەو تەنیا 7 گۆڵی تۆمارکردووە، لەگەڵ 3 ئەسیست و 10 دەرفەت، هەروەها 43 شووتی بۆ گۆڵ لێداوە، کە 20 بۆ گۆڵ نەچووە، لە رووی بەرگریشەوە تەنیا 23 تۆپی پچڕاندووە کە دەکاتە دوو تۆپ لە هەر یارییەکدا.

### لە باڵی راست رۆدریگز باشترە

کە بەراوردی ژمارەکانی بەیڵ لەگەڵ جیمس رۆدریگز دەکرێ، دەردەکەوێ بەیڵ شایستەی ئەوە نییە لە پێکهاتەی سەرەکی یاریبکات، رۆدریگز لە باڵی راست بەشداری لە 7 یاری کردووە، 319 پاسی داوە و 270 پاسی دروستبووە، بە رێژەی 84.63% واتە ژمارەکانی لە 11 یاری بەیڵ باشترە. لە رووی هێرشبردنەوە جیمس 19 شووتی لێداوە کە 10 بۆ گۆڵ بووە و 5 گۆڵی تۆمارکردووە و 5 ئەسیستی هەیە لەگەڵ رەخساندنی 14 دەرفەتی مەترسیدار، لە رووی بەرگریکردنیشەوە جیمس لەو باشترەو 42 تۆپی پچڕاندووە، کە دەکاتە 6 تۆپ لە هەر یارییەکدا.

گەڕانەوەی مۆدریچ ئەو دەخاتە سەر کورسی یەدەگ

گومانی تێدا نییە دوای گەڕانەوەی لۆکا مۆدریچ لە پێکان گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەکەی ئەنچیلۆتی دادێت، پێدەچێت ئیسکۆ قوربانی چاکبوونەوەی مۆدریچ بێت، بەڵام ئیسکۆ لەسەر ئاستی هێرشبردن و بەرگری و باڵەکانیش ئاستێکی زۆر بەرز پێشکەش دەکات، واتە لە هەموو شوینێک بوونی خۆی سەلماندووە، بۆیە مانەوەی لە پێکهاتەی سەرەکی پێویستە، ئەوکاتیش دەبێت ئەنچیلۆتی دوای گەڕانەوەی مۆدریچ بڕیاری بوێرانە بدات و بەیڵ کە خراپترین یاریزانی یانەکەیە بگەڕێنێتەوە سەر کورسی یەدەگەکان.



یەکێک لە ئاواتەکانم لە ساڵی 2015 ئەوەیە ستیڤن جێراد بە درێسی ساوسهامبتۆنەوە ببینم، چونکە ئەو هێشتا زۆری لە هەگبەدا ماوە

رۆناڵدۆ کۆمان

(راهێنەری یانەی ساوسهامبتۆن)



نابێ کەس خراپی ئاستی رۆناڵدۆ لە مۆندیالدا بکاتە پێوەر بۆ باڵۆن دۆر، رۆناڵدۆ گوناحی چییە کە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تیپێکی خراپ بێت

ئەحمەد میدۆ

(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی میسر)



من یەکەمجار ئەڵمانیم ئینجا تونسی، بەڵام لە یارییەکاندا سروودی نیشتیمانیی ئەڵمانی ناڵێمەوە، وەک رێزگرتنێک لە تونس

سامی خدێرە

(یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



ئیتاڵیا خاوەنی زۆر یاریزانی گەورەیە لە مێژووی تۆپی پێدا، بەڵام ئەفسانەی ئیتاڵیا لە تۆپی پێدا ئەلیساندرۆ دیلپییرۆیە بە بێ رکابەر

رائوول گۆنزالێس


(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)



من هاندەری ریال مەدریدم و بە هیچ شێوەیەک بارسێلۆنام خۆشناوێ، بەڵام ئەگەر راستگۆ بین دەبێ بڵێین ئێستاش میسی زۆر لە کریستیانۆ باشترە

ڤیگۆ مۆرتینسن


(ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی)



دیماریا هەڵەیەکی گەورەی کرد کە لە ریال مەدرید رۆیشت، چونکە ئەو لە ریال مەدرید یەدەگ بوایە باشتر بوو لەوەی لە مانچستەر یونایتد سەرەکی بێت

سامی جابر

(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی سعوودیە)



## ئایا دەزانی؟

هەرچەندە ساڵی 2014 بۆ ئیکەر کاسیاسی کاپتنی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا زۆر باش نەبوو، بەڵام ساڵەکە بە شتێکی چاوەڕوان نەکراو سەبارەت بەو گۆڵچییە کۆتایی هات، چونکە کاسیاس لە رووی خاوێن هێشتنەوەی گۆڵەکەی بە باشترین گۆڵچی 2014 دادەنرێت، کاسیاس لەو ساڵەدا 38 یاری ئەنجامداوە و لە 21 یاریدا گۆڵی لێ تۆمارنەکراوە. تیبۆ کۆرتوای گۆڵچی بەلجیکی یانەی چێلسی ئینگلیزیش لە پلەی دووەم دێت و لە 35 یاریدا 19 یاری گۆڵی لێ تۆمار نەکراوە، پلەی سێیەم بەر کلاودیۆ براڤۆی گۆڵچی چیلیی یانەی بارسێلۆنا کەوتووە، کە لە 36 یاریدا 18 یاری گۆڵی لێ تۆمار نەکراوە، لە پلەی چوارەم گۆرکا ئەرایزۆسی گۆڵچی یانەی ئەتلەتیکۆ بلباوی ئیسپانی دێت، کە لە 44 یاریدا 15 یاری گۆڵی لێ تۆمار نەکراوە. پلەی پێنجەمیش بەر بیتۆی گۆڵچی پورتوگالی یانەی سڤیلیای ئیسپانی کەوتووە، کە لە 41 یارییدا 15 یاری گۆڵی لێ تۆمار نەکراوە.



لە یاری دۆستانەی نێوان ریال مەدرید و میلان لە دوبەی، ئەستێرەی تێنسی سربی، نۆڤاک دیۆکۆڤیچ ئامادەی یارییەکە بوو، لەگەڵ ئەستێرەکانی هەردوو یانەکە قسەو باسی ئاڵوگۆڕ کرد. نۆڤاک کە تۆپی دەستپێکردنی یارییەکەی جولاند، پێش یارییەکە هەوڵیدا توانای خۆی لە یاریکردن بە تۆپ لەگەڵ بنزیمە و گاریس بەیڵ تاقیبکاتەوە، بەڵام لێهاتوو نەبوو و نەیتوانی لێنەگەڕێ تۆپەکە لە قاچی نەکەوێت، بەمەش بۆ هەمووان دەرکەوت نۆڤاک تەنیا لە تۆپی زەرد لێهاتووە، هیچ لە تۆپی پێ نازانێت و تەنیا وەک بینەر حەزی لێیە.

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# مردووەکان یاریدەکەن و کۆمێنتەکانی فەیسبووکیش سەرەخۆرن

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

### به مردوویی یاری دەکات



بێکارێکی میسری فێڵێکی سەیری دۆزیوەتەوە، ئەویش دەرهێنانی وەفاتنامە بۆ خۆی و دەرهێنانی بەڵگەنامەیەکی بچووکتری لەدایکبوونە. بنکەی پۆلیسی ئەلخەلیفە لە قاهیرە هەواڵی ئەوەی پێگەیشت، ئافرەتێکی ماڵەوە وەفاتنامەی بۆ مێردی ئەدهەم مەحموود یوسف دەرهێناوە کە بێکارە، ئەمەش لەسەر داوکاری مێردەکەی بووە، ئاسایش توانیان دەستگیری بکەن کە ناسنامەیەکی تازەی بە تەمەنێکی بچووکتری لەلابوو، زوو دانی بەوەدانا کە لەگەڵ فەرمانبەرێکی نووسینگەی تەندروستی لە بەساتینی قاهیرە رێکەوتووە وەفاتنامەی بۆ دەربکات و ناو و تەمەنێکی تازەی بۆ تۆماربکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ریزی یانەیەکی تۆپ پێی خوار تەمەن 17 ساڵی بەرامبەر 5 هەزار جونەی یاری بکات، بۆ ئەوەی کردەوەکەی ئاشکرا نەبێت، داوای لە ژنەکەی کردووە وەفاتنامەیەکی بە ناوی خۆی بۆ دەربهێنێت.

### بەختهێنەری ریال مەدریدە




دانی کارفخال، لە هاوینی 2013 گەڕایەوە ریال مەدرید دوای ئەوەی یەک وەرز یاری بۆ یانەی بایرلیڤەرکۆزنی ئەڵمانی کرد. کارفخال یەکێک بوو لە یاریزانەکانی پرۆژە تازەکەی سەرۆک فلۆرەنتینۆ پیرێز، دوای رۆیشتنی مۆرینیۆ. کارفخال بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی کارلۆ ئەنچیلۆتی دادەنرێت کە بەردەوام پشتی پێدەبەستێ. کارفخال لە رووی بەرگریکردنەوە زۆر باش بووە، دوای پێکانی ئەلڤارۆ ئەربیلوا لە مانگی ئاداری رابردوودا، کارفخال بووە یاریزانێکی سەرەکی پێکهاتەو پلانەکانی ئەنچیلۆتی. کارفخال بەشداری لە 4 یاری کۆتایی ریال مەدرید کردووەو بەختهێنەری باشی تیپەکە بوو، چونکە ریال هەر چوار نازناوەکەی بەدەستهێنا. لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا بەرامبەر بارسێلۆنا 90 خولەک یاریکرد، لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید 120 خولەک یاریکرد، لە یاری سوپەری ئەورووپا بەرامبەر سڤیلیا 90 خولەک یاریکرد، لە یاری کۆتایی مۆندیالی یانەکان بەرامبەر سان لۆرینزۆ 90 خولەک یاریکرد، لەهەر چوار یاریش ریال مەدرید براوە و بەدەستهێنەری نازناوەکان بوو. بۆیە جەماوەری ریال مەدرید ئەو یاریزانەیان ناوناوە «بەختهێنەری ریال مەدرید».

### کۆمێنتەکەی سەرەخۆر بوو



بەهۆی گاڵتەیەکی قورس لەسەر فەیسبووک، یانەی بلاکبۆلی ئینگلیزی کە لە ریزی یانە پلە دووەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات، کۆتایی بە گرێبەستی هێرشبەری لاو جاکۆب مێرفی هێنا. مێرفی کە بە خواستن لە یانەی نۆریچ سیتییەوە هاتبوو، وێنەیەکی خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەگەڵ کۆمێنتێک بڵاوکردبووە، کە تێیدا نووسیبووی»ئەو جارەش دەدۆڕێین». یانەی بلاکبۆل لە خوارەوەی لیستی یانەکان دێت و ئەو گاڵتەیەش کارگێڕی و هاندەرانی یانەکەی زیاتر تووڕەکرد. لی کلارک راهێنەری بلاکبۆل گوتی «مێرفی هەڵسوکەوتێکی هەڵەی کرد، بەڵام ئێمە دەبێت خۆمان هیلاک بکەین چاو بخەینە سەر ئەوەی دانەبەزین». لەلایەن خۆشییەوە مێرفی داوای لێبوردنی لە کۆمێنتێکەی کرد و گوتی «دەمەوێ داوای لێبوردن لە راهێنەر و هاوڕێکانم لە تیپەکە و هاندەرانی بلاکبۆل بکەم، کە بەهۆی وێنە و کۆمێنتەکەی من تووشی ئازار و شەرمەزاری بوون، هەڵسوکەوتەکەم دووربوو لە پیشەگەریەتی و من کەسێکی دانا نەبووم.



# ئێنریکی سەری لە خۆی و لە هەمووان شێواندووە

**روودلوی وەرزشی ـ SPORT**

رۆژنامەیەکی ئیسپانی رەخنە لە لویس ئێنریکی، راهێنەری یانەی بارسێلۆنای کەتەلۆنی دەگرێت و دەنووسێت «ئێنریکی سەری لە خۆی و لە هەمووان شێواندووە».

ئێنریکی، لە قۆناخی یەکەمی لیگادا بەهۆی گۆڕانکاری زۆر لە پێکهاتەکەی رەخنەی زۆری لێگیرا. ئێنریکی لە 24 یاری بە 24 پێکهاتەی جیاواز یاریکردووە. رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ راپۆرتێکی وردی لەمبارەوە بڵاوکردووەتەوەو باس لەوە دەکات «هەر یاریزانێک ئاستی دابەزێت ئێنریکی یەکسەر دەیگۆڕێت». هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە تاکە یاریزان کە لە پێکهاتەکەی ئێنریکیدا نەگۆڕدراوە لیونێل میسییە، کە گۆرانی هێڵی سوورە ئەگەر ئاستیشی وەک پێویست نەبێت.

## پێدرۆ چەکی ئێنریکی دەبێت لە 2015

رۆژنامەی ناوبراو پێشبینی دەکات، پیدرۆ رۆدریگز یەکێک بێت لە یاریزانە گرنگەکانی پلانی ئێنریکی لە ساڵی تازەدا، چونکە پێدرۆ متمانەی راهێنەری بەدەستهێناوەو لە مانگی دیسێمبەر ئاستی زۆر بەرزبوو، ئەمە دڵی راهێنەری خۆش کردووەو لەوانەیە چارەیەکی باشی هێڵی پێشەوەی راهێنەر بێت، بۆ ئەوەی لە تەک میسی، سوارێز و نیمار یاری پێبکات.


## بۆسکێس و ماسکیرانۆ بەیەکەوە

چەندین لایەن داوایان لە راهێنەر کردووە سێرجۆ بۆسکێس و خافێر ماسکیرانۆ بەیەکەوە لە ناوەڕاست یاری پێبکات، وەک چۆن گواردیۆلا یاری بە بۆسکێس و یایا تۆرێ دەکرد لە چەقدا، بە گوێرەی ئامارەکان ئێنریکی لە وەرزی ئەمساڵدا تەنیا 3 جار یاری بەم دووانە بەیەکەوە کردووە، کەچی گواردیۆلا لە وەرزی یەکەمی لە 16 بۆنەدا یاری بە دووانەکەی خۆی کردووە، هەروەها هەندێجار سیدۆ کایتاشی لە تەک ئەوان یاری پێدەکرد، بۆیە هەموو داوا لە لۆچۆ دەکەن بوێربێت و چاو لە فەیلەسوف بکات.

## یاریزانەکانی پشتگیری لێدەکەن

هەرچەندە گۆڕانکاری زۆر ئەنجام دەدات، کەچی یاریزانەکان پشتگیری لە ئێنریکی دەکەن، یاریزانەکان پێیانوایە لویس خاوەن هزری تایبەت و تازەیە لە تۆپی پێدا، کە یارمەتیان دەدات ئەوپەڕی ئاستی خۆیان پێشکەش بکەن، هەروەها هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی گرنگ نییە کێ یاری دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کێ زیاتر پێشکەش دەکات، بێجگە لەوەی سەرسامن بە کارەکانی لویس ئێنریکی کە بایەخ بە ناوی یاریزان نادات و بەوە ناسراوە کەسێکی پیشەگەرەو کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە.

# باتیستۆتا خەون بە میسییەوە دەبینێت



«ئەگەر میسی لە سەردەمی من بوایە هەرچی نازناو هەبوو دەمچنییەوە»

**ئا: سیروان عەباس**

گابرییێل عومەر باتیستۆتا، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و گۆڵکاری مێژوویی ئەو وڵاتە رایگەیاند ئەگەر میسی بەم ئاستەی ئێستاییەوە لە سەردەمی ئەو بوایەو پێکەوە یاریان کردبا، هەرچی نازناو هەیە بۆ هەڵبژاردەی تانگۆیان دەچنییەوە.

باتیستوتا، کە ناسراوە بە باتیگۆل لە هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا پەسنی لیۆنێل میسی داو رایگەیاند کە یاریزانێکی دیکەی وەک ئەو دووبارە نابێتەوەو گوتی «میسی یەکێکە لە ئەفسانە مێژووییەکان و دووبارەبوونەوەی ئەستەمە، راستە مارادۆنا دەستی بەسەر مێژووی تۆپی پێدا گرتووە، بەڵام میسی ئەو هەڵانە دووبارە ناکاتەوە کە مارادۆنا دەیکردن، ئەمەش وا دەکات ببێتە خاوەن زۆرترین نازناو». هەروەها گوتیشی «ئەگەر میسی لە سەردەمی من بوایە هەرچی نازناو هەبوو دەمچنییەوە».

ئەو گۆڵکارە ئەرجەنتینییە لەو بارەوە زیاتر قسەدەکات و دەڵێت «راستە لە سەردەمی زێڕینی مندا چەندین ئەستێرەی گەورە هەبوون، لە سەرووی هەموویانەوە دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنا کە لە مۆندیالی 1994 پێکەوە یاریمان دەکرد، بەڵام ئەوکات من سەرەتای لاوێتیم بوو، مارادۆناش تەمەنی گەورەبوو لە هەمان کاتیشدا بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە بەکارهێنانی ماددەی قەدەخەکراو سزا دراو دوورخرایەو».

لە درێژەی قسەکانیدا باتیستوتا گوتی «ئۆرتیگا، ڤیرۆن، سیمیۆنی، زانێتی و چەند یاریزانێکی دیکە لە دیارترین ئەستێرەکانی سەردەمی من بوون، بەڵام میسی تایبەتە و لە کەس ناچێت.

باتیستۆتا، بە تۆمارکردنی 56 گۆڵ، گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی تانگۆی ئەرجەنتینییەو بۆ یانەکانی بۆکاجۆنیۆرزی ئەرجەنتینی و فیرۆنتینا و رۆمای ئیتاڵی یاریکردووەو دوا وێستگەی یاریکردنیشی لە یانەی عەرەبی قەتەری بووە.





باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جاریکیتر پربکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەك
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**خولی ئیتاڵیا**
سێشەممە 2015/1/6
11:00
یوڤانتۆس - ئینتەرمیلان

**جامی ئیسپانیا**
چوارشەممە 2015/1/7
11:00
ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید

**خولی فەرەنسا**
هەینی 2015/1/9
10:30
مۆنبیلیە - مارسیلیا

**خولی ئینگلتەرا**
شەممە 2015/1/10
06:00
ئێڤەرتۆن - مانچستەر سیتی

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 18)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/9** | |
| لیڤانتی - دیپۆرتیڤۆ | 10:45 |
| **شەممە 2015/1/10** | |
| ریال مەدرید - ئیسپانیۆل | 06:00 |
| مەلەگە - ڤیاڕیال | 08:00 |
| سێلتاڤیکۆ - ڤاڵنسیا | 10:00 |
| ئیبار - خیتافی | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/11** | |
| ئەلمێریا - سڤیلیا | 02:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - ئیلچێ | 07:00 |
| غەڕناتە - ریال سۆسیداد | 09:00 |
| بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 11:00 |
| **دووشەممە 2015/1/12** | |
| رایۆ ڤالیکانۆ - قورتوبە | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 39 |
| 2 - بارسێلۆنا | 38 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 38 |
| 4 - ڤاڵنسیا | 34 |
| 5 - سڤیلیا | 33 |
| 6 - ڤیاڕیال | 31 |
| 7 - مەلەگە | 30 |
| 8 - ئیبار | 23 |
| 9 - سێلتاڤیکۆ | 20 |
| 10 - ئیسپانیۆل | 20 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 26 |
| 2 - میسی | بارسێلۆنا | 15 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 11 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 10 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 8 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 21)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/1/10** | |
| سەندرلاند - لیڤەرپوول | 03:45 |
| بێرنلی - کۆینز پارک رێنجەرز | 06:00 |
| چێڵسی - نیۆکاسل | 06:00 |
| ئێڤەرتۆن - مانچستەر سیتی | 06:00 |
| لیستەر سیتی - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| سوانزی سیتی - وێستهام | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - هاڵ سیتی | 06:00 |
| کریستال پالاس - تۆتنهام | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/1/11** | |
| ئارسناڵ - ستۆک سیتی | 04:30 |
| مانچستەر یونایتد - ساوسهامبتۆن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچستەر سیتی | 46 |
| 2 - چێڵسی | 46 |
| 3 - مانچستەر یونایتد | 37 |
| 4 - ساوسهامبتۆن | 36 |
| 5 - تۆتنهام | 34 |
| 6 - ئارسناڵ | 33 |
| 7 - وێستهام | 32 |
| 8 - لیڤەرپوول | 29 |
| 9 - سوانزی سیتی | 29 |
| 10 - نیۆکاسل | 27 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 2 - کۆستا | چێڵسی | 14 |
| 3 - ئۆستن | کۆینز پارک | 12 |
| 4 - سانچێز | رێنجەرز ئارسناڵ | 10 |
| 5 - پێلێ | ساوسهامبتۆن | 9 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 17)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/1/6** | |
| ئۆدینێزی - رۆما | 02:30 |
| کیێڤۆ - تۆرینۆ | 05:00 |
| ئیمپۆلی - ڤیرۆنا | 05:00 |
| جەنەوا - ئاتالانتا | 05:00 |
| میلان - ساسۆلۆ | 05:00 |
| پالێرمۆ - کالیاری | 05:00 |
| پارما - فیۆرەنتینا | 05:00 |
| چیزینا - ناپۆلی | 08:00 |
| یوڤانتۆس - ئینتەرمیلان | 11:00 |
| **شەممە 2015/1/10 (هەفتەی 18)** | |
| ساسۆلۆ - ئۆدینێزی | 09:00 |
| تۆرینۆ - میلان | 11:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/11** | |
| ئینتەرمیلان - جەنەوا | 02:30 |
| ئاتالانتا - کیێڤۆ | 05:00 |
| کالیاری - چیزینا | 05:00 |
| فیۆرەنتینا - پالێرمۆ | 05:00 |
| ڤیرۆنا - پارما | 05:00 |
| رۆما - لازیۆ | 05:00 |
| سامپادۆریا - ئیمپۆلی | 05:00 |
| ناپۆلی - یوڤانتۆس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 39 |
| 2 - رۆما | 36 |
| 3 - لازیۆ | 27 |
| 4 - ناپۆلی | 27 |
| 5 - سامپادۆریا | 27 |
| 6 - جەنەوا | 26 |
| 7 - میلان | 25 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 24 |
| 9 - ئۆدینێزی | 22 |
| 10 - پالێرمۆ | 22 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 20)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/9** | |
| مۆنبیلیە - مارسیلیا | 10:30 |
| **شەممە 2015/1/10** | |
| باستیا - پاریس سانجێرمان | 07:00 |
| لیل - کان | 10:00 |
| گانگۆن - لانس | 10:00 |
| نیس - لۆریان | 10:00 |
| ئیڤیان - رین | 10:00 |
| ریمس - سانت ئیتیان | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/11** | |
| لیۆن - تۆلۆز | 04:00 |
| نانت - میتز | 07:00 |
| مۆناکۆ - بۆردۆ | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مارسیلیا | 41 |
| 2 - لیۆن | 39 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 38 |
| 4 - سانت ئیتیان | 36 |
| 5 - مۆناکۆ | 32 |
| 6 - بۆردۆ | 31 |
| 7 - نانت | 30 |
| 8 - رین | 28 |
| 9 - ریمس | 28 |
| 10 - مۆنبیلیە | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 18 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 12 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 8 |
| 4 - دیاباتی | بۆردۆ | 8 |
| 5 - ویسام | تۆلۆز | 8 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 11)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2015/1/8** | |
| هەولێر - پێشمەرگەی هەولێر | 02:30 |
| **هەینی 2015/1/9** | |
| ئارارات - پێشمەرگەی سلێمانی | 02:30 |
| هندرێن - برایەتی | 02:30 |
| دهۆک - نەورۆز | 02:30 |
| کەرکووک - سلێمانی | 02:30 |
| شێروانە - زاخۆ | 02:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - زێرەڤانی | 22 |
| 2 - دهۆک | 19 |
| 3 - زاخۆ | 19 |
| 4 - نەورۆز | 16 |
| 5 - سلێمانی | 13 |
| 6 - پێشمەرگەی هەولێر | 13 |
| 7 - برایەتی | 11 |
| 8 - ئاراراتت | 9 |
| 9 - هندرێن | 8 |
| 10 - هەولێر | 8 |
| 11 - شێروانە | 7 |
| 12 - کەرکووک | 6 |
| 13 - پێشمەرگەی سلێمانی | 4 |
| 14 - بروسک | 0 |

## گۆڵکارانی خولی ئیتاڵیا

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 10 |
| 2 - کالیخۆن | ناپۆلی | 8 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 8 |
| 4 - دیناتالی | ئۆدینێزی | 8 |
| 5 - مینێزیانە | میلان | 8 |

## جامی نەتەوەکانی ئاسیا

(قۆناخی یەکەم)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/9** | |
| ئۆسترالیا - کوێت | 11:30 |
| **شەممە 2015/1/10** | |
| کۆریا باشوور - عومان | 08:00 |
| ئۆزباگستان - کۆریای باکوور | 10:00 |
| سعوودیە - چین | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/1/11** | |
| ئیمارات - قەتەر | 10:00 |
| ئێران - بەحرێن | 12:00 |
| **دووشەممە 2015/1/12** | |
| ژاپۆن - فەلەستین | 10:00 |
| ئوردن - عێراق | 12:00 |

## جامی شای ئیسپانیا

قۆناخی 16 (یاری چوون)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/1/6** | |
| سێلتاڤیگۆ - ئەتلەتیک بلباو | 07:00 |
| مەلەگە - لیڤانتی | 09:00 |
| **چوارشەممە 2015/1/7** | |
| ڤیاڕیال - ریال سۆسیداد | 10:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید | 11:00 |
| ڤالنسیا - ئیسپانیۆل | 12:00 |
| ئەلمێریا - خیتافی | 12:00 |
| **پێنچشەممە 2015/1/8** | |
| غەڕناتە - سڤیلیا | 10:00 |
| بارسێلۆنا - ئیلچێ | 12:00 |

**خولی ئینگلتەرا**
یەکشەممە 2015/1/11
07:00
مانچستەر یونایتد - ساوسهامبتۆن

**خولی ئیسپانیا**
یەکشەممە 2015/1/11
11:00
بارسێلۆنا - ئەتلەتیکۆ مەدرید

**خولی ئیتاڵیا**
یەکشەممە 2015/1/11
10:45
ناپۆلی - یوڤانتۆس

**جامی ئاسیا**
دووشەممە 2015/1/12
12:00
ئوردن - عێراق



## گرینۆکە

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئۆتۆسبرینتی ئیتاڵی دووپاتیدەکاتەوە، مایکل شوماخەری پاڵەوانی 7 جاری جیهان لە پێشبڕکێکانی فۆرمۆلا وەن، هەر کاتێک گوێی لە دەنگی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بێت دەست بە گریان دەکات، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «شوماخەر زۆر بە پەرۆشی ژیانە، ئەو بەشێوەیەکی زۆر هێواش چاکدەبێتەوە». ئەلبێرتۆ ساباتینی نووسەری ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات «شوماخەر بەردەوام لەسەر جێگا پاڵ نەکەوتووە، بەڵکو چارەسەری سروشتیش ئەنجام دەدات». ئەو بەشێکی زۆری کاتەکەی بە دانیشتن بەرامبەر پەنجەرەی ڤیلاکەی بەسەردەبات، کە دەڕوانێتە سەر دەریاچەیەک».



ڕێبوار محەمەد

# ڤالێنسیا دەبێتە ئاتلێتیکۆیەکی نوێ؟

لەبەرئەوە نا کە کۆتایی بە زنجیرەی سەرکەوتنە لەسەریەکەکانی ڕیال مەدرید هێنا و پاڵەوانی ئەورووپای تووشی سەرئێشەی زۆر کرد، بەڵکو لەبەرئەوەی تیپێکی سەرنجڕاکێشە و ئاستێکی بەرزی هەیە، لەسەر یانەی ڤالێنسیا دەنووسم.

بەکورتی و بە کرمانجی پێم وایە ئەو یانەیە دەبێتە ئاتلێتیکۆیەکی نوێ لە خولی ئیسپانیا، ئەمساڵیش نەبێت ساڵێکی دیکە، بەڵام بە مەرج.

کاتێک سەیری یارییەکانی ڤالێنسیا و ژمارەکانی لە وەرزی ئەمساڵدا دەکەیت، سەرنج لە ئاست و شێوازی یاری تیپەکە دەدەیت و لە پلانەکانی ورد دەبیتەوە، دەتوانی ئازایەتیی ئەوە بنوێنی و بڵێی لە دوو ساڵی داهاتوودا ئەوەی ئاتلێتیکۆ وەرزی ڕابردوو بەدەستیهێنا، ڤالێنسیاش دووبارەی دەکاتەوە.

لە بەرامبەر ڕیال مەدرید و لە بەرامبەر بارسێلۆناش، ڤالێنسیا بە رووحێکی زۆر زیندووەوە یاریکرد، ڕۆحێک کە تەنیا لەو تیپانەدا مرۆڤ هەستی پێدەکات کە دواتر خۆیان لەسەر سەکۆی نازناوەکان دەبیننەوە.

نەبوونی ئەو ڕۆحە زۆر تیپی ئاستبەرزی کوشتووە، نازناوەکانی لەدەستداوە و کردوویەتی بە تیپێکی ئاسایی، ئەوەش بێگومان هەمووی لەبەرئەوەی ئەو تیپانە بە نەبوونی ڕۆحێکی لەو شێوەیە نەیانتوانیوە لە کۆتاییدا هیچ بچننەوە، هەرچەندە کوالیتی یاریزانەکانیشیان بەرز بووە.

ئەو ڕۆحەی من باسی دەکەم وەرزی ڕابردوو لای ئاتلێتیکۆ بوو، یانەیەک کە تەنیا ئیلهامی لە ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ڕاهێنەرەکەی وەردەگرت و یاری لەسەر یاری دەیبردەوە.

ڤالێنسیاش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، ئەو یانەیە بەرامبەر هەردوو زەبەلاحەکەی ئیسپانیا هەمان شتیکرد، ئەو ساتەی بۆسکێس گۆڵی بردنەوەی بۆ بارسا لە نێو مێستایادا تۆمارکرد، یاریزانەکانی نۆنۆ سانتۆی ڕاهێنەر مردنیان لەو دۆڕانە زۆر پێخۆشتربوو، کاتێکیش ڕۆناڵدۆ گۆڵی لێکردن هەمان شتیان پێشاندا، بەڵام ڕۆحی بەرگری و کەڵەکەبوونی ئەزموون یارمەتیدان لە یەکسانکردنەوە و پاشان بردنەوەی یارییەکەش.

یاریزانەکانی ڤالێنسیا هەمان ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕییان تێدایە کە وەرزی ڕابردوو لە یاریزانانی ئاتلێتیکۆدا هەبوو، بەشێک لە نهێنی سەرکەوتنی ئەوان لە وەرزی ڕابردوودا بەسەر ڕیال و بارسادا، چاوترساندن و هێزی جەستەیی یاریزانەکانی ئەو یانەیە بوو، ڤالێنسیاش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە و بەزیاتریشەوە، ئەو حەزە زۆرەی لای یاریزانەکان بۆ سەرکەوتن هەبوو، وایکرد ٥ یاریزان لە گێمی یەکەمدا کارتی زەرد وەربگرن و بەشێوەیەک یاری بکەن کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری ڕیال مەدرید دوای یارییەکە گلەیی لە توندوتیژی یاریزانەکانی ئەو یانەیە بکات.

لەوانەیە زۆرینە نەزانن کە ڤالێنسیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا دۆخێکی دارایی خراپی هەبوو، ئەوە وایکرد یانەکە ئەستێرەکانی وەک سێلڤا و ڤیا بفرۆشێت، بەڵام یانەکە ساڵی ڕابردوو بووە موڵکی پیتەرلیمی سەرمایەداری سەنگاپوری و ئەوەش ڕۆحی بەبەری تیپەکەدا کردووە و کێشەی یاریگا نوێیەکەشی کە چەندین ساڵە بەهۆی بێپارەییەوە ڕاگیراوە چارەسەر بوو.

نۆنۆ سانتۆ کە لە یانەی ڕیۆ ئاڤییەوە هاتووە، هەرچەندە هێشتا لە ڕووی پێکهاتەوە تەواو جێگیر نییە و زۆرجار سەرکێشی بە شێوەی یاریکردن و یاریزانەکانییەوە دەکات، وەلێ توانیویەتی ئەو ڕۆحە بۆ تیپەکە بگێڕێتەوە کە وەرزی 2003 ـ 2004 بۆ دواجار یانەکەی کردە پاڵەوانی ئیسپانیا.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش و مایەی تێڕامان بۆ داهاتووی تیپەکە بریتییە لە بوونی ژمارەیەک یاریزانی گەنج و ئاستبەرز لە تیپەکەدا، باکۆ ئەلکاسێر، فیگۆلی، ئۆتامێندی، شکۆدران موستافی، باریخۆ و چەندان یاریزانی دیکەش، هەموو ئەوانە کڵاوڕۆژنەی داهاتوویەکی گەش بە یانەکە دەدەن، بەو مەرجەی هەمووان لەسەر سانتۆ ئارام بگرن و یانەکەش دەست بە ئەستێرە لاوەکانییەوە بگرێت.

«ئالڤێز خیانەت لە ڕۆناڵدۆ دەکات»

# هەواڵەکە درۆ دەرچوو



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

پۆرتاڵێکی ئەلیکترۆنی ئیسپانی بەناوبانگ ڕایگەیاندبوو کە دانی ئالڤێزی یاریزانی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنا پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئێرینا شایکی دۆستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدرید هەیە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هەواڵەکە درۆیەو داوای لێبوردنی کرد.

ئەو پۆرتاڵە کە هەواڵی ئەستێرەکان دەکاتە پێشنۆرەی هەواڵەکانی، داوای لێبوردنی لە بارەی ڕاپۆرتێک کرد کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بڵاویکردبووەو تێیدا ئێرینا شایکی کچە دۆستەکەی کرستیانۆ ڕۆناڵدۆی تۆمەتبار کردبوو، بەوەی لەگەڵ دانی ئالڤێزی یاریزانی بارسێلۆنا خیانەتی لە ڕۆناڵدۆ کردووە، پۆرتاڵەکە دەستکاری وێنەیەکی کردووە کە تێیدا شایک لەگەڵ کەسێک دەردەکەوێ زۆر لە ئالڤێز دەچێت، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو کەسە قژڕێکخەری تایبەتی شایکە، کە لە هەموو گەشتێک هاوسەفەریەتی بۆ ئەوەی قژی بۆ ڕێکبخات، پۆرتاڵەکە وێنە ڕاستەقینەکەی بڵاوکردووە و داوای لێبووردنی لە شایک و ڕۆناڵدۆ کرد. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دوو دۆستە هیچ کاردانەوەیەکیان بۆ ئەو هەواڵە نییە.

ئالڤێز و ڕۆناڵدۆ، بەوە ناسراون کە لە یارییەکانی کلاسیکۆدا زۆر دژایەتی یەکدی دەکەن و توندوتیژی بەرامبەر یەکدی بەکاردەهێنن، هەندێجاریش لێدوان دژی یەکدی دەدەن.

ڕووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : .................................

مۆبایل : .................................

1

سی و هەشتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.


**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

## پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت



ئازا د مەلا

لە

هەڵەبجەی شەهید

بە لێدوانی:

( **بەمژینی پەنجەکانی خۆشی بۆ یۆڤی هانی** )

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
ehsanjornalist@yahoo.com - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان . شاهۆ محەممەد

ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە

www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک
ڕووداو
بخوێنەوە